


# بەهەنەسا

(ئەهناس و بەهناس)

داستانی کوردی -1-

# بەهنەسا

**(ئەهناس و بەهناس)**

ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراورد و پەراوێز و فەرهەنگۆک و پاشکۆ

**هێمن عومەر خۆشناو**

2017

**له بلاّوكراوه‌كانی**

**ده‌ستنووسخانه‌ی زانكۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغكردنه‌وه‌ی ده‌ستنووس**

ژماره (2)

- **ناوی كتێب: به‌هنه‌سا (ئه‌هناس و به‌هناس)**
- **ساغكردنه‌وه و لێكۆڵینه‌وه و په‌راوێز و فه‌رهه‌نگۆك و پاشكۆ:** هێمن عومه‌ر خۆشناو
- **نۆره و ساڵی چاپ:** یه‌كه‌م/ 2017
- چاپخانه: Grafik **دیاربه‌كر**
- **تیراژ:** 500 دانه
- **نرخ:** 5000 دینار

له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتیی كتێبخانه گشتییه‌كان ژماره‌ی سپاردنی (271) ی ساڵی (2017)ی پێدراوه.

بەری ڕەنج و ماندووبوونی ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە

**عەبدولرەقیب یوسف**

خەمخۆری دەستخەت و مێژوو و شوێنەواری کوردان

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە دەستکەوتنی دەستخەتەکان هاوکارمان بوون بەتایبەتی بەڕێزان:

–سەدیق ساڵح لە بنکەی ژین، بەوپەڕی جوامێرییەوە چوار وێنەی دەستخەتی بەهنەسای خستە بەردەستمان، ئەو دەستخەتانەش پێشتر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف وێنەی لەبەرگیراوی دەستخەتەکانی پێشکەشی کتێبخانەی بنکەی ژین کردبوون، سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان و هیوادارین نمونەیان زۆر بێت.

– عەبدوڵلا ئیبراهیم سکتانی، دەستخەتێکی بەهنەسای خستە بەردەستمان.

– مامۆستا مەلا خالید مەلا مستەفا گەردی، لە سەردانێکمان دا بۆ گوندی گەویلان دەستخەتەکانی خستە بەردەستمان و کاك مستەفای نەوەیشی لە ناردنی هەندێ وێنەی تری دەستخەتەکان هاوکارمان بوو.

–مامۆستا مەلاتاهیر بەحرکەیی، د.ناسح عوسمان، د.محەمەد عەبدوڵلا فەتحوڵلا، د.ئەمیر رەفیق، هاوکار شێخوەسانی، نەوزاد مەجید و عبدالمجید حەیدەری لە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی دەستخەتی بەهنەسایان لەلایە، ئاگاداریان کردومەتەوە و لە پەیداکردنیان هاوکارم بوون.

# پێشەکی

فتوحاتی ئەهناس و بەهناس، یان غەزای بەهنەسا، وەك هەر غەزایەکی تری سەردەمی پێغەمبەر و چوار خەلیفەکانی راشیدین، ناوو دەنگی هەیە، بەڵام ئەوەندەی دواتر شتی لەسەر دروستکراوە، هێندە لە فەرموودە و گوتەی هاوەڵاندا ناوی نەهاتووە. چونکە لەبارەی وشەی (غەزا) کە لە قورئانی پیرۆزیشدا ئەو وشەیە هاتووە، زانایان پێیان وایە وشەی غەزا، یان دەربڕینی غەزەواتەکانی پێغەمبەر، تەنیا ئەو شەڕانە دەگرێتەوە کە پێغەمبەر بە خودی خۆی بەشدار بووە. ئەو سوپایەشی کە ناوبراو تێیدا بەشدار نەبووە، پێی گوتراوە سریە.

ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی پێغەمبەر(د.خ) لە چەند شەڕدا بەشداری کردووە! بەڵام پەسەندترینیان ئەوەیە لە نۆزدە شەڕان بەشدار بووە، بەڵام لە نۆیان خۆی شەڕی کردووە، ئەوانیش جەنگەکانی (بەدر، ئوحد، مریسیع، خەندەك، قورەیزە، خەیبەر، فەتحی مەککە، تائیف، حونەین) بووە. لە زمانەوانیشدا وشەی غەزا، واتە کوشتار لەگەڵ دوژمن، لە زاراوەی شەرعیشدا بە واتای جەنگانە لەگەڵ بێ باوەڕان[1]. ئەگەرچی لەناو میللەتانی ئیسلامیدا، ئەم جۆرە شەڕانە بە فتوحاتی ئیسلامی و غەزەواتی ئیسلامی ناونراون.

---

1- **بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەوە بڕوانە** (غزوات الرسول بين شعراء الشعوب الاسلامية، **الدكتور حسين مجيب المصري**، الدار الثقافية للنشر، **سایتی** (www.kotobarabıa.com)

**بەهنەسا**

بەهنەسا گوندێکی سەر بە ناوچەی (بنی مرکز)ی پارێزگای (المنیا)ی میسرە، لە جوانترینی گوندەکان دەژمێردرێت و 16 کیلۆمەتر لە ناوچەی بەنی مەزاری سەر بە ناحیەی الغرب دوورە.

بەهنەسا لە باشووری میسر هەڵکەوتووە، مێژوویەکی کۆنی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامی هەیە، چونکە مەسیح و مەریەم و یوسف النجار سڵاوی خوایان لێ بێ هاتوونەتە ئەم گوندە. هەروەها کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەریش بەتایبەتی هاوەڵانی (بەدر) لە کاتی فەتحی ئیسلامی بۆ میسر لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب هاتوونەتە ئەو گوندە و لەوێ شەهیدبوونە و لەو خاکەدا نێژراون، وەك عەبدولرەحمانی کوڕی ئەبوبەکر و زورارەی کوڕی ئەزوەر و خەولەی کچی ئەزوەر و عەففانی کوڕی عوسمانی کوڕی عەففان و ئەبو زەڕی غەففاری. چەندانی دیکەش لەم شەڕە بەشداربوون وەك عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص و محەممەدی برای و خالیدی کوڕی وەلید و سلێمانی کوڕی و قەیسی کوڕی هەبیرەی موراد‌ی و میقدادی ئەسوەد و مەیسەرەی کوڕی مەسروق و زوبێری کوڕی عەوام و عەبدوڵڵای کوڕی. لە ئامۆزاکای پێغەمبەریش فەزڵی عەبباس و جەعفەری کوڕی عوقەیل و موسلیمی کوڕی عوقەیل و عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر و کوڕی خەلیفەکان وەك عەبدولرەحمانی کوڕی ئەبوبەکر و ئەبانی کوڕی عوسمان و عەبدوڵڵای کوڕی عومەری خەتتاب.

بۆیە لە (حەسەنی بەسری) یان پرسیبوو: بۆچی پەنات هێناوەتە بەر بەهنەسا؟ ئەویش وتبووی چۆن نێمە بەهنەسایەك، کە باوەشی بۆ عیسای مەسیح کردۆتەوە و هەموو شەوێك پەنجا هەزار ڕەحمەتی بەسەردا ببارێ! گۆڕی حەسەنی بەسریش هەر لێرەیە. هەروەها لەو زانایانەی کە لەسەر خاکی بەهنەسا نێژراون ئیمامی قەڕاف یە، کە یەکێك لە زانا متمانەپێکراوەکانی مەزهەبی مالیکییە. هەروەك لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژە بۆ ئەم خاکە کراوە، کاتێك خوا دەفەرموێ (واويناهما الى رِبوة ذات قرار ومعين) مێژوونووسان بەتایبەتی مەسعوودی و تەبەری و واقیدی و ئیبن ئیسحاق و ڕاڤەکەرانی قورئان وەك سەعیدی کوڕی جوبەیر و سەعیدی کوڕی موسەییەب و ئیبن عەبباس و ئیمامی عەلی و سەعلەبی و زەمەخشەری، پێیان وایە (الربوة) واتە شاری بەهنەسا. لە بەناوبانگترین مزگەوتەکانیشی مزگەوتی الحسن بن صالح ە.

بەهنەسا کاتی خۆی پایتەختی نۆزدە هەرێمەکانی میسر بوو، لە بەڵگەنامە کۆنەکانی میسری دا ناوەکەی بە "بر–مجد" هاتووە، واتە شوێنی دیدار. ئەم شوێنە ژمارەیەکی زۆری پارچە شوێنەوار لێن، کە بە درێژایی مێژوو ماونەتەوە. لە چەرخی یۆنانی و ڕۆمانیدا ناوی (ئۆکسیر نخوس) بووە. ناوبانگەکەشی بۆ ئەو سەردەمە بۆ ئەو نووسراوە کۆنە یۆنانییانە دەگەڕێتەوە کە دۆزرانەوە و باس لە ژیانی ئەوسا دەکەن. کە تێیدا هاتووە ئەم شارە بە شوورەیەکی گەورە دەورە دراوە کە چوار دەروازە و دەرگای هەبوون، دەرگایەکیان بە (کاپیتۆل) ناونرابوو و مێژووەکەی بۆ سەدەی سێیەمی زاینی دەگەڕێتەوە. لە هەر چوار دەرگاوە قوللە و بورجی گەورەی لێ

چنرابوو. لەناو ئەو شارەدا زیاتر لە چل پەرستگا هەبووە، وەك پەرستگاكانی زیۆس و سیرابیس و هیرا. هەروەها پەرستگای خواوەندەكانی میصر و گریكی لێ بووە وەك پەرستگای زیۆس و ئامون و هیرا و ئیزیس. كە ئاینی مەسیحییەتیش بڵاوبۆوە بتپەرستی قەڵاچۆكرد و كڵێساكان لە جیاتی پەرستگاكان بڵابوونەوە و هەتا وای لێهات گەیشتە چل كڵێسا.

ئەهناسیش، شوێنێكە لە میسر. جاحز دەڵێ: عیسای كوڕی مەریەم (س) لە هەرێمی بەهنەسا لەدایك بووە، تەنانەت دارخورمای مەریەمیش كە لە قورئان هاتووە (وهزي اليك بجزع النخلة تساقط عليك رِطبا جنيا) هەتا ئێستا هەر لە ئەهناس ماوەتەوە. بە گوێرەی ڕای توێژەران مەریەم تا پێگەیشتنی عیسا هەر لە ئەهناس ماوەتەوە، پاشتر چوونەتە شام. دەگوترێ دوو ئەهناس هەن، یەكێكیان زۆر كۆنە و لە هەرێمی بەهنەسایە و ئەوی تریش لە (صەعیدە)ە.[1]

## سەردەمی فەتحی ئیسلامی

كاتێ عومەری كوڕی خەتتاب میسر و ئەسكەندەرییە و ڕووی دەریای فەتح كرد تەنیا ناوچەی صەعید و ڕۆژئاوا مابوو، بۆیە عەمری كوڕی عاص ڕاوێژی بە هاوەڵان كرد كە ئاخۆ بۆ چ لایەكی تر هەنگاو بهاوێن؟ لەو سۆنگەوە نامەیەكی بۆ عومەری كوڕی خەتتاب نارد بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە بەندەی خودا عەمری كوڕی عاصەوە سەركاری بڕواداران لە میصر و دەوروبەری، بۆ ئەمیری بڕوادارن عومەری كوڕی خەتتاب

---

[1] قصة البهنسا، حكاية عروة، تحقيق: عمرو عبدالعزيز، مصر، 2012

سلاو و بەرەکەتی خواتان لێ بێ: لەپاش ئەمە، من سوپاس و ستایشی خودا دەکەم و سلاواتان بۆ دیداری پێغەمبەر (د.خ) ڕەوان دەکەم و هەروەها بۆ ئەو کۆچەر و یارمەتیدەرانەی مەدینە دەنێرم. سوپاس بۆ خوا کە میصر و هەروەها ئەسکەندەرییە و دمیاتیشی بۆ ئێمە فەتح کرد، لە ڕووی دەریاوە شار و دێیەك نەماوە هەمووی فەتح کراوە و ئاینی تێدا دەشەکێتەوە و موشریکان ڕیسوابوونە. هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) لە خانەدان و میران و پیاوماقوڵانی کۆچەر و یارمەتیدەر داوای ئیزن لە ئەمیری بڕواداران دەکەن ئاخۆ بچنە سەر صەعید یان ڕۆژئاوا یان نا؟ فەرمانیش فەرمانی تۆیە ئەی ئەمیری بڕواداران، هەموویان تێدەکۆشن و بەردەوامن لەسەر تێکۆشان و گیانی خۆیان بە خوا فرۆشتووە. دووبارە سلاوات بۆ گیانی پێغەمبەر و ئال و بەیت و هاوەڵانی بە تێکڕا.

واقیدی دەڵێ: کاتێ عەمر لە نووسینی نامەکە بوویەوە، بۆ هاوەڵانی خوێندەوە و نامەکەی پێچایەوە مۆری کرد و بانگی کابرایەکی کرد ناوی سالمی کوڕی بەجیعەی کندی بوو، کە بیگەیەنێتە ئەمیری بڕواداران. کە گەیشتە لای سلاوی لێکرد و نامەکەی دایە دەستی ئەویش خوێندیەوە و دڵخۆش بوو و مزگێنی دا و ڕاوێژی بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب و ئەوەی لەوێ ئامادەبوو کرد. ئیمامی عەلیش ئاماژەی بەوە دا کە عەمر بە تەنیا ناتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ پێویستە لەشکرێکی دە هەزار کەسی پێك بهێنێ و خالیدی کوڕی وەلید سەرکردایەتی بکا. عومەریش قسەکەی بە ڕاست داناو و نامەیەکی نووسی تێیدا هاتبوو:

بەناوی خوا... لە عومەری کوڕی خەتتابەوە بۆ سەرکاری خۆی لە میصر و دەوروبەری (عەمری کوڕی عاص) سلاّی خواتان لەسەر: لە پاش سوپاس و ستایش بۆ خودا و درودو سلاّ و ناردن بۆ گیانی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) و سلاّو و بەرەکەتی خوا لە تۆ و لەوانەی لەگەڵتن لە کۆچەر و یارمەتیدەرەکان. نامەکەتم خوێندەوە و لێت تێگەیشتم، بۆیە کە ئەو نامەی منت خوێندەوە پشت بەخوا ببەستە و خۆت توند بکەوە و ئەمیرەکان ڕابسپێرە و هەر ئەمیرێك بۆ شار و ئاواییەك بنێرە بۆ ئەوەی شەریعەتی خوا بلاّوبکەنەوە و خەڵکی فێری ئاین بکەن. پاشان لەشکرێکی دە هەزار کەسی لە هاوەڵانی پێغەمبەر پێك بهێنە و خالید بکە سەرلەشکر و لەگەڵیشیدا زوبێری کوڕی عەوام و فەزڵی کوڕی عەبباس و میقدادی ئەسوەد و غانمی کوڕی عەیازی ئەشعەری و مالیکی کوڕی ئەشتەر و هەموو میر و ئالاّ هەڵگرەکان بنێرە، با بانگی خەڵکی بکەن بۆ ئیسلام، هەر کەسێك قبوڵی کرد ئێمە هیچمان لێی ناوێ، هەرکەسێکیش قبوڵی نەکرد با باج بدا، هەرکەسێکیش یاخی بووو نەیهێشت ئێوە داخڵ ببن، ئەوا ئێوە شەڕیان لەگەڵ بکەن. ئاگاداریش بن لە میصر دوو شار هەن وەك پێم گەیشتووە یەکێکیان ناوی ئەهناس و ئەویدیکەیان ناوی بەهنەسایە، کە ئەمەی دواییان بەتریقێکی یاخی و خوێنڕێژی لێیە ناوی بەتلێۆسە، کە مەزنترین بەتریقی میصرە. بۆیە هەتا ئەم دوو شارە فەتح نەکەن تخونی صەعید مەکەون. لەسەر تۆش بێت بە پارێزگاری و لەخواترسان لە پەنهان و ئاشکرادا، خۆت و ئەوەی لەگەڵتن، هەقی ستەملێکراو لە ستەمکار بستێننەوە و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بکەن و هەقی لاواز لە بەهێز بستێننەوە و

جاریێ لە میسر بمێننەوە و ئەگەر پێویستت بە هیمداد هەبوو بۆم بنووسە و من بۆت دەنێرم. خواش هاریکارە. لەخواشم داوایە فەتح و سەرکەوتنتان بۆ بێت. دووبارە سوپاس بۆ خودای هەردوو دونیا.

نامەکەی پێچایەوە و بە مۆری پێغەمبەری خوا مۆری کرد و دایەوە سالم و ئەویش بردیەوە میسر. کە گەیشتێ بینی عەمر و هاوەڵان داخڵی خاکی جیزە بوونە و وەرزیش بەهارە و لەبن خێوەتەکەی خۆی لەگەڵ هاوەڵەکانی دانیشتووە. سەلامی لە عەمر و خالید و ئەمیرەکانی تر کرد و نامەکەی دایە دەستی عەمر. ئەویش هەمووی خوێندەوە. کە ئەمیرەکان ئەوەیان بیست گەلێك دڵخۆش بوون. عەمریش ڕاوێژی بە ئەمیرەکان کرد لەژێر ڕۆشنایی ئایەتی (وامرهم شوری بینهم) ئاماژەی بەوە کرد دەبێ دوای ناردنی ئەمیرەکان بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەریاچەکە، لەشکر ڕێك و پێك بکاتەوە بە مەبەستی چوون بۆ صەعید و ئیدی پشت و پەنا بە خوا ببەستین.

(واقیدی) دەڵێ: دوای فەتحی میسر ئەمیرەکان هەموویان پەرش و بڵاو بووبوون، بۆیە عەمر نامەی بۆ هەمووان نووسی کە خڕببنەوە لەوانە بۆ قەعقاعی کوڕی عەمری تەمیمی و هاشمی کوڕی مرقال و مەیسەرەی کوڕی مەسروقی عەبەسی و موسەییەبی کوڕی نەجیبەی فەزاری. دواتر هەمووی لە دەور کۆبوونەوە و عەمر هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندن، ئەمەش لە ڕۆژی چوارشەممەی دەی مانگی ڕەبیعی یەککەمی ساڵی 21ی کۆچییە، هەندێك دەڵێن 22ی کۆچی، خواش زاناترە.

چوارشەم و پێنج شەم و هەینی لەوێ مانەوە، عەمر ڕۆژی هەینی وتاری بۆ خەڵك خوێندەوە و كە لەخۆبۆوە، فەرمانی بە خەڵك كرد كە پەرش و بڵاو نەبن تا نامەی ئەمیری بڕواداران عومەری كوڕی خەتتابتان بۆ دەخوێنمەوە. نامەكەی بۆ خوێندنەوە، هەموویان زۆر بە گوێڕایەڵی و گورجییەوە گوتیان (سمعنا واطعنا) و ڕۆحمان لە پێناو خودا فیدایە و داوای پاداشت دەكەین و ئارەزوو و تامەزرۆی بەهەشتین. گوتیشی بە فەرمانی ئەمیری بڕواداران، پاڵەوان و تێكۆشەری بە جەرگ و ڕەشید، خالیدی كوڕی وەلید سەرلەشكرتانە.

واقیدی دەڵێ: (خالید) زۆر هاوڕێی سەردەمی نەفامیی (عەمر) بووە، هەردووكیان بە یەك ڕۆژ مسوڵمان بوون. عەمر ڕووی لە خەڵك كردو گوتی: كەستان جیاوازی نییە لەلای من بە خالیدیشەوە. فەزڵی كوڕی عەبباس هەڵیدایە: ئەگەر فەرمانت لەسەر ئێمە كردبا بە كردنە سەرلەشكری بەندەیەكی حەبەشیش ئێمە هەر قبوڵمانە لە پێناو خودا.

فەرمانی دا بە بەڕێكەوتن بۆ جەزیرە و نزیك هەڕەمی ڕۆژهەڵات. لەشكرەكە زیاتر لە شانزە هەزار سوار دەبوو، دە هەزاریان خاوەنی زرێ بوون. عەمر وتاری بۆ دان و فەرمووی ئەوا خالید بووە سەرلەشكرتان، تكاتان لێدەكەم شەڕ لەگەڵ كەس نەكەن تا بانگیان نەكەن بۆ شایەتومان!

## دەستخەتە عەرەبییەكانی بەهنەسا

دەستنووسی فەتحی بەهنەسا بە زمانی عەرەبی، دەدرێتە پاڵ چوار نووسەر، کە سێیانیان لە ڕووی مێژووییەوە ڕیز دەکرێن بە: واقیدی (130–207ك) و بەکری (..–250ك) و ئەلمەقری (..–758ك)، زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە پێیان وایە نووسەرەکانی دواتر هەموویان لە واقیدییان وەرگرتووە، هەندێکیش وای بۆ دەچن کە واقیدی تەنیا داستانەکەی تۆمارکردووە کە باسی سەرکەوتنەکانی مسوڵمانانە بەسەر ڕۆمە بیزەنتییەکان و قیبتی و سوودانییەکان کە لە ناوەندی صەعیدەوە بەرگرییان لە بەهنەسا کردووە.

دەستخەتەکان لە عەرەبییەکەشدا جیاوازن، بۆ وێنە کتێبەکەی واقیدی باسی فەتحی میسر و ئەسکەندەرییەی نەکردووە و لەپڕ لە باسی فەتحی شام و فەلەستین و عێراق دێتە سەر فەتحی بەهنەسا یان صەعیدی میسر. عبدالله بن موحەممەد ناوی خۆی لە کۆتایی قەسیدەکە دێنێ و بەناوی محمد صەعیدی سمالوتی.

وێڕای ئەمەش زۆر لە قەسیدەکان کە لە مەتنی کتێبی (فتوح البهنسا) هاتوون، لە (فتوح الشام)دا نین.

## چاپە عەرەبییەکانی بەهنەسا:

کتێبی بەهنەسا زۆر جێی سەرنجی چاپخانەکان بووە، هەر لە کۆنەوە گرنگییان پێداوە و بۆ یەکەم جاریش لە قاهیرە لە ژێر ناوی (فتوح البهنسا الغراء) چاپکراوە و دراوەتە پاڵ شێخ محمد بن محمد

المعز، هەروەها دراوەتە پاڵ (واقدی)، کە لە ڕووی ڕیزبەندی مێژووییەوە ئەم چاپانەی هەیە.

1-چاپی قاهیرە لە ساڵی 1861ز بە (143) لاپەڕە، بێ ناوی چاپخانە.

2-چاپی قاهیرە، لە ساڵی 1864.

تا دەگاتە ساڵی 1893 هەشت جار چاپ دەکرێ و ژمارەی لاپەڕەکانی دەگاتە (158) لاپەڕە.

## پیرۆزیی بەهنەسا

دەستنووسەکان تایبەت بەم شارە ئەوەیان باسکردووە کە شارێکی پیرۆزە و تێیدا دوعای تێدا گیرا دەبێ، ئەمەش لەناو ئەدەبی سەرزاری و فۆلکلۆری ناوچەکە ڕەنگی داوەتەوە. بەتایبەتی لەوەدا کە شارەکە گۆڕ و مەزارێکی زۆری پیاوچاکان و هاوەڵان و شوێنکەوتووانی تێدایە، هەروەها بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەرجوو (موعجیزە) و کەرامات کە دەدرێنە پاڵ مەزارەکان، ئەمەش خەیاڵی میللی خەڵکی ناوچەکەی داگیرکردووە. تەنانەت پێیان وایە ئەوەی سەر لە بەهنەسا بدات هەتا دەگەڕێتەوە هەر ڕەحمەتی خوای بەسەردا دەبارێت، یان ئەوەی سەر لە بەهنەسا بدات گوناهی لێ دادەماڵدرێن، وەك ئەوەی تازە لە دایکی خۆی بووبێت. یان هەر کەسێك بە دڵی پڕ غەمەوە سەر لە بەهنەسا بدات، ئەوا خوا خەمەکەی لەسەر لادەبات، یان ئەوەی بۆ پێویستییەك سەر لە بەهنەسا بدات، ئەوا خوا پێویستییەکەی بۆ جێبەجێ دەکات.

ئەو شوێنانەشی کە پێیان وایە شوێنی گیرابوونی نزا و پاڕانەوەکانە، لەوانە لای گۆڕی زیادی کوڕی ئەبوسوفیان، یان مەنزڵ و نزرگەی حوسێن کوڕی ساڵح کوڕی حوسێن کوڕی ئیمام عەلی، لای گۆڕی عەبدولڕەزاق لە ناو دەرگا و لە چیایەکە، لای پەرستگای عیسای کوڕی مەریەم و لای گۆڕی شەهیدان لە قەدپاڵی چیا، هەروەك کۆمەڵە پیاوچاکێکیش لە عێراقەوە سەریان لەم شوێنە داوە لەوانە ئەبو عەلی نەوەوی، دەگوترێ کە هاتووە جلەکانی خۆی داکەندووە و خۆی لە خۆڵەکە گەوزاندووە و گوتویەتی: ئای کە چ شوێنێکی و، تەپ و تۆز و خۆڵەکەشت هەمووی لە پێناو خودا بووە.!!

لە خاکی مەغریبیشەوە تا ئەوپەڕی ئەندەلوس گەورە پیاوچاکان بۆ سەردان بە پێ هاتوون و هەستیان بەم بەرەکەت و چێژە ڕووحییە کردووە و بە چاوی خۆیان ئەم سەروەری و شوێنەوارەی داستانەکەیان بینیوە.

بەهنەسا گۆڕی هاوەڵ و شوێنکەوتوو و پیاوچاکانی لێیە، کە زیاتر لە پێنج هەزار گۆڕی جەنگاوەری مسوڵمانی لێیە، چوارسەد هاوەڵیشی لێیە. هەروەها گۆڕی زۆر پاشاو میری لێیە، وەك ئەمیر بەشتەك بەگ، کە دەگێڕنەوە لە سەرەمەرگدا وەسیەتی کردوە کە مرد هەڵیبگرن و بە دۆڵی بەهنەسای بگێڕن و لە پاڵ گۆڕی شەهیدان بینێژن، بۆیە هەر ئەو شەوە کۆچی دوایی دەکات و ڕاسپاردەکەی جێبەجێ دەکەن.

لە بەهنەسا کوردییەکەشدا بۆ برەودانی زیاتر و لەلای گوێگر و خوێنەر خۆشەویستکردن، لە کۆتاییدا گرنگی شوێنەکە باسکراوە و

ڕای زاناو عاریفانی تێدا هێنراوەتەوە. وێڕای ئەمەش لە باسی فەزڵ و پیرۆزیی بەهنەساوە گێڕەڕەوەکە باس لە شەهیدبوونی پێنج هەزار مسوڵمان دەکات لە بەهنەسا و لەوانە حەفتایان هاوەڵی بەدرین و سەردانیان بە حەجی هەرەگەورە (حج الاكبر) دەخەملێنێ. وەك دەڵێ:

**مەنبەعی شەهیدانە**

**شەهیدی پاك و ئەتهەر**

**تێدایە پێنج هەزار کەس**

**لە ئەسحابەی پێغەمبەر**

**حەفتا لەوان بەدرین**

**زیارەتیان حج الاكبر**

**ئەجرێکی زۆری هەیە**

**هەرچی بیانچێتە سەر**

بۆ ئەمەش ڕای هەندێ لە ئەولیا دێنێتەوە لەوانە بیشری حافی و سرِی سەقەتی و مالیکی کوڕی دینار، کە پێیان وایە بەرەکەتی ئەم شارە لە هەموو زەوی زۆرترە، هەروەها هاوشێوەی بەسەرهاتەکانی مەولوودنامەکان، بەسەرهاتێك دێنێتەوە کە گوایە کەسێك بەناوی (عەبدولرەحمان زوهێر) لە بەهنەسا هەبووەو پیاوێکی چاك بووە و دراوسێیەکی فاسقی هەبووە و کە مردووە لە گۆڕستانی شەهیدانی بەهنەسا نێژراوە و شەوێ لە خەوێدا بینی کە ئەم دراوسێیەیان تاجێکی جەوهەرداری لەسەر نراوە و جلی سوندوسی لەبەرکراوە، دیارە لە هۆکاری ئەم حاڵەی لێ دەپرسێ، ئەویش دەڵێ لەبەرئەوەی

من بوومەتە میوانی ئەم شەهیدانە، ئەوانیش داوای لێخۆشبوونیان بۆ من لە خودا کردووە و خوا منی خستۆتە ئەم بارە خۆشە.

## چەند لایەنێك لە داستانی بەهنەسا

ئەگەرچی داستانەکە، داستانێکی شەڕو شۆڕ و غەزەواتە، بەڵام لەو سەردەمەی کە بەهنەسا بە شیعر هۆنراوەتەوە، چ لە دەقە عەرەبییەکە و چ لە کوردییەکەدا، بزووتنەوەی سۆفیگەری لە برەو دابووە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەییوبییەکاندا لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا ئەم تەرزە لە پەرستش کردن گەشەی کرد و خودی سەلاحەددینی ئەییوبیش بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەرەکانی پەنای بۆ ئەم شێوازە ڕۆحییە دەبرد و چەند دەزگایەکی تایبەتی بە پەرەپێدانی ئەم بزاڤە دامەزراندووە. ئەمە هانی خەڵکی دا کە سەردانی مەزار و گۆڕی پیاوچاکان بکەن و بۆیەش هەر خەڵکی ڕەشۆکی نەگرتەوە، بەڵکو میرەکانی ئەییوبیش بەدوای ئەم بەرەکەتە ڕۆحییە وێڵ بوون. هەر لەبەرئەوەش ئەو نووسراوانەی کە ڕاڤەی ئەم حالەتانە دەکەن و بایەخ بە مەزارەکان دەدەن لەسەردەمی شەڕی خاچپەرستان و لە سەدەی شەشەمی کۆچی لە برەودابوون. بۆیە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم دەقەش وەك دەقە ئەدەبییەکانی ئەوسا، کاریگەری سۆفیگەریی بەسەرەوە دەبینرێ، بەتایبەتی لە گرنگیدان بە زیکرکردن و یادی خوای گەورە و دەنگ هەڵبڕینی دروشمە ئاینییەکان و کۆڕی ئامۆژگاری و قورئان خوێندن، پتریش لەناو داستانەکەدا جۆری ئاڵا و جۆری شمشێر و تەکبیر و

تەهلیل و تەسبیح و تەحمید و تەمجیدی خوا دەبینرێ و سەلاٌوات لێدان و لێدانی هاشمی لە بێ باوەڕان و کەڕامات و...هتد

ئەمە وێڕای دەقەکە، خودی شوێنەکەش لە کەلەپووری خەڵکی ناوچەکە بەتایبەتی و میسر بەگشتی، بۆتە مەڵبەندێکی جیهانی ڕووح و سۆفیگەری، هەر بۆیەشە لەسەر ئەم بنچینەیە دەکرێ بگوترێ کە لە میسردا گرنگیدانی خەڵکی سووننی کەمتر نییە لە گرنگیدانی شیعەکان بە مەزارەکان، هەر لەبەرئەوەشە ڕەمزە گەورەکانی سۆفیگەری لە میسر سەردانی بەهنەسایان بە پاداشت وەرگرتن خەملاندووە، ئەوەتا زوننونی میسری دەڵێ: هەموو ساڵێك چوومەتە سەردانی بەهنەسا و فەڕو بەرەکەت و پاداشتم بەدەستهێناوە، بەلاٌم ساڵێك لەبەر مژوڵی نەمتوانی بچم، شەوێکیان خەوم بینی، لام وابوو تاقمە پیاوێکی ئەوەندە ڕووخسار جوانم بینین، لە ژیانمدا پیاوی وا قۆز و جوانم نەدیبوون، جل و پۆشاکی جوانیان لەبەربوو، لەسەر ولاٌغان بوون و ئالاٌی کەسکیان هەڵگرتبوو، نووریان لێ دەباری، سلاٌویان لێ کردم و گوتیان: سەرمان سوڕماوە لەوەی کە ئەمساڵ سەرت لە ئێمە نەداوە، بۆیە ئێمە هەموومان هاتووین سەردانت بکەین.

لەو سۆنگەیەوە، خەون لە مێژووی شارستانی و کەلەپووری و میللی کۆمەڵگەی میسریدا بایەخێکی گەورەی هەیە و لە ڕوکاردا مانایەکی ئایینی و ئەخلاقی هەیە و بۆتە هۆی ڕسکاندنی خەیاڵێکی میللی لەناو کۆمەڵگەدا.

## داستانی بەهنەسا و ئەدەبی شەڕ و شۆڕ

داستانی بەهنەسا داستانێکی مێژووییە، مەبەستیش چەسپاندنی ڕۆحی نیشتمانی و ئایینییە لە گوێی گوێگردا، بۆیە گێڕەرەوە ڕاستی مێژوو و ئەفسانە ئاوێتەی یەکتر دەکات بۆ ئەوەی لەسەر تێکۆشان هانی بدات. چونکە ڕاستییەکەی بەهنەسا بۆ سەردەمی هاوەڵان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ڕووداوەکان زۆر لەسەر عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص دەسەنگرێنەوە، ئیدی داستانەکە تەواو دەبێ و ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ. بەڵام سەدە دوای سەدە ئەم داستانە لێی زیادکراوە و لە سەردەمی ئەییوبییەکاندا تەواو پێگەیشتووە و ئەییوبییەکان ئەمەیان وەك ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئایین و جیهاد لە ناخی خەڵکی بەکارهێناوە، گێڕەرەوە یان بەیتبێژ لە مزگەوتەکان و لە ناو ڕیزی سوپادا ئەم داستانەی گێڕاوەتەوە، تا ورەیان بەرزتر بکاتەوە و ڕشدیان بکا لەسەر سەرکەوتن.

هەر لەبەرئەوەشە لەو سەردەمەدا سەرکەوتنەکان زۆربوونە و بەسەر ئیمپراتۆری فارس و ڕۆم تەواو زاڵ بوونە و ئاسیا و ئەفریقایان کەوتۆتە بەردەست، بەیتبێژیش سەرەتا ئاگری قوربانیدان و تێکۆشان لە دڵی بیسەردا دەکاتەوە و بە خراپ باسی خاچپەرستان دەکات و شێوازێکی وا بەکاردێنێت، وەرگر تیغ دەدا زوو بچێتە شەڕ و خۆی لەو پێناوەدا شەهید بکات.

ئەم جۆرە شێوازی هێرشکردنە تەنانەت لە ناو هێنانی بێ باوەڕەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ وێنە "بکەونە بەر لەعنەتی خوا"، "لەعنەتی خوایان لێ بێ"، تەنانەت جنێو بارانیش بۆ سەرکردەکانی بێ باوەڕان لە بەرتریق و میر و پادشایان جۆرێکی تر

بووه له وره بەرزکردنەوە، وەك بە سەگکردنی کارەکتەری (پۆلص) لە دەقە عەرەبییەکە و کوردییەکەدا، لە کوردییەکەدا نموونەیەك بۆ وێنە: چووە کن پۆلصی سەگی هار.. لە عەرەبییەکەش: (بولص الكلب نزيل النيران، ذی الكفر والطغيان) هەروەها بۆ ئەوەی زیاتر شەڕەکە ماکێکی ئازایانە و توندوتیژی بەسەردا زاڵ بێت، گێڕەڕەوە زۆر جاران زانیاری لەبارەی کوژراوەکان نادا، یان بە زیاتر لە ژمارەیەك دیاریان دەکات و هەندێ جاریش بە (والله اعلم) یان (خودا دەزانێ چەند کوژراون)، لە کورتی دەبڕێنێتەوە.

## سیما جیاکەرەوەکانی هەردوو سوپا

گێڕەڕەوە لە هەردوو دەقە عەرەبییەکە و کوردییەکەدا، هەڵی ئەوەی داوە سەرنجی وەرگر بەوە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، کە جیاوازی لە نێوان هەردوو سوپادا بکات، جیاوازییەکانیش زۆر جاران بۆ مسوڵمانان بە دەنگی تەکبیر و تەهلیل و تەسبیح و هاواری شایەتومان و بەرزکردنەوەی ئاڵای مسوڵمانان و شوێنی نوێژکردن و ڕیزی نوێژکەران.... و هی بێ باوەڕەکانیش بە کڵێسا و خاچ و ناسنامەی بێ باوەڕیی وەکو شەڕاب و کوشتار و ستەم لێکردن و زرێ و سوپای بێ ڕەزا و قەشە و ڕابەرانی ئاییني دیانەکان و

بەتریقەکان و جیاکردنەوەیان بە پۆشاکی تایبەت بە خۆیان و خواردن و خواردنەوەیان و زێڕ و زیویان..

## ژن و ڕۆڵی لەناو داستانەکەدا

وەك هەر داستانێکی تری ناوچەکە، ژنیش ڕۆڵێکی گرنگی لە چنینی داستان دا هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە، لە ڕووی چەندێتییەوە ئەوا چەندین داستان هەن تایبەتن بە ئافرەت، هەرچی چۆنییەتییەکەیە، باری ئازایەتی و ڕۆڵ پێدانی ژن لەنا داستانەکاندا زۆر جار هیچی لە ڕۆڵی پیاو کەمتر نابیٚ. بۆیە لە غەزای بەهنەساش دا لە پالٚ جەنگاوەرانی پیاودا، ڕۆڵی پالەوانێتی (خەولە) زۆر کاریگەرە بە تەنیا لە دەقە کوردییەکەدا زیاتر لە (نۆ) جار ناوی دێت، هەروەها ئەسمای کچی ئەبوبەکریش ئەو ڕۆڵەی گرنگەی پێدراوە و باس لە دڵسۆزییەکەیان دەکرێت.

## چی لەبارەی بەهنەساوە نووسراوە؟

1-ئەگەرچی مەلا ڕەئوف سەلیم حەوێزی لە کتێبی (کوردستان و ئایینی ئیسلام)دا ناوی (اهناس و بەهناس)ی هێناوە، بەلاٚم وەك بابەتی سەربەخۆ بۆ یەکەم جار (عەبدولرەقیب یوسف) دوای گەڕانی بەدوای دەستخەتی بەهنەسا و دەستخستنی حەفت دەستخەتی بەهنەسا، لە ژمارە 15 ی گۆڤاری کاروان لە کانونی یەکەمی ساڵی 1982 دا، بابەتێکی بەناوی (دەستنووسی بەهنەسا) نووسیوە. ناوبراو لە نوسینەکەیدا وێڕای باسکردنی هەر حەفت دەستخەتەکە لە کۆپلەی یەکەم و کۆتاییان و ئەو کەسەی دەستخەتەکانی

نووسیوەتەوە، ئەوجار کورتەیەك باسی (مەلا سەعیدی هیرانی) دەکا کە بە گوێرەی ساغکردنەوەکانی ناوبراو، نووسەر یان وەرگێڕی بەهنەسایە. هەروەها هەر لە نووسینەکەیدا بە کورتەیەکیش لە ناوەڕۆکی بەهنەسا دەدوێ و دەسەلمێنێ کە مەلا سەعیدی هیرانی لە کتێبی (فتوح الشام)ی (واقیدی –محمد کوڕی عومەر) وەرگرتووە.

ئەم نووسینەی (عەبدولرەقیب یوسف) تا ئێستا بە گرنگترین نووسین لەبارەی (بەهنەسا) دادەنرێ، کە شیکارییەکی گشتییە لەبارەی ئەو دەستخەتانەوە، بێ ئەوەی مەتنی داستانەکەی بڵاوکردبێتەوە.

2–دووەمین و کۆتا نووسین کە تا ئێستا (بە پێی زانیارییەکانی ئێمە) لەسەر (بەهنەسا) نووسرابێ، بڵاوکردنەوەی دەقی داستانەکەیە لەلایەن (تاریق جامباز)ەوە، کە لە ژمارە (34) ی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر بڵاوکراوەتەوە. ناوبراو پێشەکییەکی کورت لەبارەی چۆنیەتی دەستکەوتنی دەستخەتەکە دەنووسێ و ڕاستەوخۆ تێکستەکە دێنێتەوە، وەك ئاماژەشی پێداوە ئەم بەهنەسایەی لە سەر کاسێتەوە هێناوەتەوە سەر کاغەز و دواتر نوسخەی دەستخەتیشی چنگ کەوتووە و ئەویشی ڕەگەڵ خستووە.

بە گوێرەی بەدواداچوونی ئێمە بۆ ئەم نووسینە و بەراوردکردنی لەگەڵ دەستنووسەکان، ئەم دەقە تەنیا بەهنەسایەکە و ئەهناسی لەگەڵ نییە، بە دەربڕینێکی تر دوای چەند لاپەڕەی دەستخەتی بەهنەسا، ئەنجا دەقەکەی (تاریق جامباز) دەست پێدەکات و دەقەکەش ڕووداوەکانی بەدواییەکەوە نەهاتوون و هەر بەشێك بە

جیا نووسراوەتەوە و کۆتاییەکەشی هەمان کۆتایی نییە کە دەقەکەی لێ تەواو دەبێت. وێڕای ئەمەش بێگومان دەقەکە گرنگیی خۆی هەیە و ناوبراو ماندووبووە بەوەی دەقەکە لە فەوتان ڕزگار بکات.

## دانەری بەهنەسا کێیە؟

ئێمە بە هۆی دەستخستنی لێکۆڵینەوەیەك بە زمانی عەرەبی لەسەر بەهنەسا، لامان ڕوونە کە داستانەکە لە بنەڕەتدا عەرەبییە و تا ئێستا چەند چاپێکی بۆ کراوە هەر وەك پێشتر باسمان لێوە کردووە، وێڕای چاپە عەرەبییەکانیش، (د. عەمر مونیر) لە میسر لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی لەسەر کردووە و بەراوردی چاپەکانی کردووە. بەلاّم ئێمە مەبەستمان بەهنەسا کوردییەکەیە، کە ئەگەرچی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەمان بەهنەسا عەرەبییەکەیە بە تایبەتی ئەوەی (واقیدی)، بەلاّم هونەری وەرگێڕانەکە و ئەو زیادە و هووشەکارییە و بۆن و بەرامە کوردییەی هەر پێوە دیارە، تەنانەت کاریگەریی شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتیشی بە ڕوونی بەسەرەوە دیارە.

(عەبدولرەقیب یوسف) لە نووسینەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە تا ئەو ڕادەیەی بۆی ساغ بۆتەوە و بە قسەی "مەلا عەزیزی هیرانی"یش، بەهنەسا مەلا سەعید هیرانی نووسیویەتی و قسەیەکیش هەیە کە (ئەحمەد شایەر)ی کامووسەکی یارمەتی داوە و لەگەڵیدا هۆنیویەتیەوە. هەروەها دەگوترێ کە مەلا سەعید بەهنەسای لە هیراندا هۆنیوەتەوە، لە پێش ئەوەی بچێ بۆ دیبەگە و کوێسنجق.

تاریق جامبازیش لەو دەقەی کە بڵاوی کردۆتەوە قسەی مەلا مستەفای بێلینگە دێنێتەوە کە بەهنەسا (مەلا سەعیدی هیرانی) بە یارمەتی (ئەحمەد شایەری کامووسەکی) بە دوو قۆڵی هۆنیویانەتەوە.

مەلاتاهیر مەلاعەبدوڵڵا بەحرکەییش لە کتێبی (مێژووی زانایانی کورد)دا، لە باسی ژیاننامەی مەلاسەعید هیرانی دا، ئاماژە بۆ بەرهەمی بەهنەسا دەکات و پێی وایە مەلاسەعید ئەو هۆنراوەیەی نووسیوەتەوە. ئەو دەستنووسەی کە مامۆستا مەلاتاهیریش پشتی پێ بەستووە، ئێمە لەم بەراوردەدا بەکارمان هێناوە و ناوی دەستنووسی (م) مان بۆ داناوە. هەرچی ئەو دەستنووسەشە کە ئێمە کردوماتە بنچینە و لەگەڵ دوو دەستنووسی تر بەراوردمان کردووە، لە کۆتاییەکەدا ناوی مەلاسەعید بەکر هاتووە و ئەو کەسەی نووسیویەتییەوە و ئاماژەی بەوە داوە کە (تەرجەمەی مەلا سەعید ایرانی عراق)ە، کە گومانی تێدانییە مەبەستی هیران ی دەڤەری خۆشناوەتییە.

لە بارەی ژیاننامەی مەلاسەعید بەکر هیرانی، ئەوەی تا ئێستا ڕوون بێت، لە کتێبی مێژووی زانایانی کورددا بەم شێوەیە هاتووە:

ناوی سەعیدە کوڕی بەکری کوڕی خدرە، نازناوی (خاکی)یە، خەڵکی (هیران)ە، ساڵی لە دایك بوون و ساڵی کۆچی دیار نییە، ساڵی 1870ز بەرگێکی کتێبی (توحفە)ی نووسیوەتەوە. ساڵی 1874 لە هیران دەرسی فەقێیانی داوە، ساڵی 1876 چۆتە موسڵ و لە تەکیەی شێخ محەممەدی بامەڕنی دابەزیوە. لە 1883/11/25 خەدیجەی ئیبراهیم بەگی خێزانی کۆچی دوایی

کردووە، پاشان گەڕاوەتەوە (هیران). مەلا محەمەدەمینی کونەفلوسە یەك لە فەقێکانی ئەو بوو، دوایی چووە (دیبەگە) و ماوەیەك لەوێ دەرسی داوەتەوە، پاشان چۆتە (کۆیە) و بووەتە مەلای مزگەوتی بایز ئاغا، هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (دەروێش خدر) بە خاك سپێردراوە. جگە لە بەهنەسا، وەفاتنامەی پێغەمبەر(د.خ)ی بە هۆنراوە نووسیوە، لەگەڵ (أحرف المعانی) کە هۆنراوەیە بە زمانی عەرەبی.

بە گوێرەی ئەم ژیاننامەیە بێ، دەتوانین حسێبی ئەوە بکەین، کە دەقەکە لە هیران نووسراوە، لەبەرئەوەی ئەحمەد شایەری کاموسەکی لە گوندی (کاموسەك) بووە و هەردوو گوندەکەش دراوسێی یەکترن، بۆیە ئەگەر لە نێوان ساڵی 1874–1883 دەقەکە نووسرابێ، ئەوە بۆ ئێستا زیاتر لە 130 ساڵ دەبێ. ئەم مێژووەش بۆ هۆنینەوەی دەقی ئەدەبی لەم ناوچەیەدا گرنگیی خۆی هەیە و دەقی هاوشێوە، لە دەقەکانی سیسەبان[1] و ڕەئسولغۆل[2] بترازێ، ئەگەرنا یان نین یان بە دەگمەنی هەن.

## ناوی داستانەکە:

ناوی ئەم داستانە ڕاستە لە عەرەبییەکەدا بە چاپکراوی هەر بە داستان یان چیرۆکی بەهنەساوە ناونراوە، بەڵام لە دەستخەتە کوردییەکاندا بە چەند شێوەیەك دەبینرێت و لە هەمووشیاندا وشەی

---

1– (سیسەبان)یش وەك (بەهنەسا) گێڕانەوەی فتوحاتی ئیسلامییە بە شیعر و، بەندە لە ساڵی 2012 بە شێوەی کتێبێك دەقەکەی ساغکردۆتەوە و چاپی کردووە.

2– ڕەئسولغۆل فتوحاتی ئیسلامییە بە شیعر و بەم نزیکانە چاپ و بڵاوی دەکەینەوە.

بەهناس، یان بەهنەسای تێدایە، بەڵام لە هەندێکیاندا بە ئەهناس و بەهناس ناونراوە. بۆ وێنە دەستخەتەکەی سەید محەمەد کە لە زێوە نووسیویەتییەوە و ئێمە لەلای عەبدوڵلا ئبراهیم سکتانی دەستمان کەوت، هەتا دەربڕینی:

**ئەو عەسکەری وا نازەنین**

**کوڕی قۆچاغ لاوی شیرین**

لێرەوە بەهنەسا دەست پێدەکات و پێش ئەم دەربڕینە هەمووی بە ئەهناس حیساب دەکرێت، تەنانەت سەید محەمەد لە کۆتایی ئەهناسدا ناو ی خۆی نووسیوە و ئاماژەی بەوە داوە کە کۆتایی پێ هێناوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لە هەندێك دەستخەتدا بە ئاشکرایی ئەم دوو شارە یان فەتحی ئەم دوو شارە بە جودا باس کراوە.

عەبدولرەقیب یوسفیش لەو دەستخەتانەی دەستی کەوتووە، لە وتارەکەیدا کە باسی دەستخەتی بەهنەسا دەکات، ئاماژە بە چەند ناوێك دەکات، لەوانە (فەتحی بەهنەسا، اهنسا و بهنسا، فتحی شهر اهناس و بهنسا، اهناس و بهناس، بەهنەسا)، ئێمەش هەر لەو سۆنگەیەوە ناوونیشانی کتێبەکەمان وا نووسی (بەهنەسا–ئەهناس و بەهناس).

## چنینی ڕەوانبێژییانە لەناو دەقی بەهنەسادا

بێگومان سروشتی دەقی گێڕانەوە، جا بەیت بێ یان داستان کە بە شیعر دەهۆنرێتەوە، کەمتر بواری چنینی ڕەوانبێژییانە لەخۆیدا بەرجەستە دەکات، لە سۆنگەی ئەوەی ئەوەندەی بە ناوەڕۆك و چۆنیەتی گێڕانەوەکە خەریکە ئەوەندە بە سیمای بەهێزی وشە و

دەربڕین خەریك نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەقێك كە تەنیا بەندبێژێك دایبنێ، زۆر لەگەڵ دەقێكی تر جودایە كە شاعیرێكی بە ئەزموون بیهۆنێتەوە. خاوەنی بەهنەساش كە بەهنەسایەك بە زیاتر لە 3900 دێر شیعر دەهۆنێتەوە، بە چەند بەڵگەیەك دەتوانین بڵێین كە ئەزمووندارە و سەلیقەیەكی باشی لە ڕێكخستن و چنینی دەربڕینەكان و دەقەكەدا هەبووە، ئەویش:

أ/ لە نازناوی شیعرییەكەی دیارە كە (خاكی) یە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەزموونێكی لە شیعر نووسیندا هەبووە.

ب/ هەر وەك لە ژیاننامەكەی دیارە جگە لە بەهنەسا، وەفاتنامەی پێغەمبەر (د.خ)یشی هۆنیوەتەوە، وێڕای شیعر نووسینیش بە زمانی عەرەبی.

ئەمانە وایانكردووە كە شاعیر لەناو دەقی گێڕانەوەشدا شیعرییەتی شیعر تا ڕادەیەك بپارێزێت و بە هەناسەی شیعر داستان بگێڕێتەوە، نەك بە هەناسەی هۆنراوە (النظم). بۆ وێنە لە دێرێكدا دەڵێ:

**هەوری ئەجەل خەیمەی هەڵدا**

**لە زەبری گورزی قەداران**

**عالەم تێدا حەیران دەبوون**

**مردن باری وەكی باران**

ئەم جۆرە لێكچواندنە بەهێزەی كە لەم دوو دێرەدا چنیویەتی، وایكردووە شیعرییەتی شیعری دەقەكە بەهێز بكات. ئەمانەو چەندین نموونەی تر، سەرتاپای دەقەكەیان بە هونەرەكانی ڕەوانبێژی ڕەنگرێژ كردووە.

## کێشی بەهنەسا

بێگومان دەقی بەهنەسا لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی بە یەك کێش نەهۆنراوەتەوە، لە سۆنگەی ئەوەی دەقەکە بە گوێرەی ڕووداوەکان بەش بەش کراوە، بۆیە زۆر جاران هەندێك بەشی دەقەکە بە کێشی دیکە هۆنراوەتەوە. لە سەرەتادا بۆ وێنە:

**ئیرادەت وا قەراردا**

**دونیا بۆ دارولفەنا**

کێشەکەی حەفت بڕگەییە و بە کێشی خۆماڵی دادەنرێت، چونکە ئەگەر بە هۆی کەشە مۆسیقیی و ڕیتمییەکە ناو بەناو کێشەکە بە عەرووز بپێورێت، ئەوا بە مەبەست نەبووە و سەرتاپاکە کێشی خۆماڵییە.

لە پاژی دووەمی بەهنەسادا، کێشەکە دەبێتە هەشت بڕگەیی و بە زۆریش بە (4+4) دەپێورێ، وەك:

**عەمری عاصی ساحیب هونەر**

**بانگی کردن مەشوەرەتکەر**

لە پاژی دیکەشدا ئەم هەشت بڕگەییە سووك و ئاسانتر خۆی بە گوێچکەی خوێنەر دەدات و ڕوونتر بە دیاردەکەوێت، کاتێك دەڵێ:

**ئەو عەسکەری وا نازەنین**

**کوڕی قۆچاغ لاوی شیرین**

**قۆشەن بە قۆشەن چین بە چین**

**له كەیفی شەڕ لە شەوقی دین**

لەمەشدا هەندێ جار لە كێشی ڕەجەزی چواری سالمی عەرووزدا نزیك دەبێتەوە، بەلاّم لەبەرئەوەی سەرتاپاكەی پێ نەچنراوە، ناتوانرێ لە دێرێك و دوو دێردا كاریگەرییەكەی بەسەردا ساغ بكەینەوە.

## سەروای دەقی بەهنەسا:

بەهنەساش لە ڕووی سەرواوە، هەمان خەسڵەتی داستانی كوردی هەیە، بەوەی ناگونجێت نزیكەی چوار هەزار دێڕ یەك سەروای هەبێت، بۆیە خۆی لە سەروای مەسنەوی دەبینێتەوە، بەلاّم تام و بۆنێكی سەروای یەكگرتووی وەرگرتووە بەو پێیەی كۆپلە كۆپلە یەك سەروای هەیە و هەر كۆپلەیەكیش بە گوێرەی هەڵكەوتەكەی لە دوو دێرەوە بگرە تا بیست و پێنج دێڕیش بە سەروای یەكگرتوو هاتووە. ئەمەش چەند شێوەیەكی هەیە لەوانە:

–وا دەبێ تەنیا سێ لەت دێت و ئەم سێ لەتە یەك سەروایان دەبێ، یان بە تاك دێن جا پێنج لەت یان حەفت یان نۆ لەت دەبن، كە ئەمە لە ڕێسای دێڕ و سەروای مەسنەوی لادەدات. وەك:

**موسەییەب بوو بەناو داری**

**كوڕی نەجیبەی فەزاری**

**عەبباس بوو شێری شكاری**

-وا دەبێ چوار لەت دێت كە دەكاتە دوو دێری تەواو و ئەمە وەك كۆپلەیەك حسێبی بۆ دەكرێت، چونكە سەرواكەی لەگەڵ پێش و پاش خۆی جودایە. بۆ وێنە:

**هاتە پێش لەشكر بەناو**

له گردێکی دەگرت لغاو

هەموو عەسکەری دا پێش چاو

یەك یەك ڕابرد تا بوو تەواو

–وا دەبێ تەنیا سەروای لەتی دووەم (عەجز)ی هەموو دێرەکان وەك یەك دەبێ و سەروای لەتی یەکەم (صەدر)یان جودا دەبێ (أ ب/ ج ب/ س ب). زۆرترین کۆپلەکانی دەقەکە لەسەر ئەم شێوەیە هۆنراوەتەوە. وەك:

ئەوجا خولاصەی کەلام

لەشکر دەرچوو لە حیساب

شەرق و غەربی ئاگاه کرد

بەتلیۆسی ماڵ خراب

–وا دەبێ سەرواکانی لەتی یەکەم لە کۆپلەکەدا وەك یەك دەبن و بە هەمان شێوە سەرواکانی لەتی دووەمیش وەك یەك دەبن (أ ب/ أ ب/ أ ب). ئەگەرچی ئەمە کەم وایە کۆپلەکە تەواو پابەندی بێ، بەڵکو لە چەند دێڕێك تێناپەڕێ، بۆیە ڕەنگە هەر بە ڕێکەوت هاتبێ و دواتر شاعیر نەیتوانیبێ تا کۆتایی کۆپلەکە پێیەوە پابەند بێ. وەك:

ئەو لایە بەرکەنار بی

بێینە سەر بەحسی ئەصحاب

ڕەزای خوایان لەسەر بی

تا ڕۆژی حەشر و حیساب

ڕەزای حەق لە ئێمەش بی

لێن نەگری عەیب و عیتاب

## ئەو دەستخەتانەی لەم لێکۆڵینەوە سوودیان لێ وەرگیراوە

1–دەستخەتی **حاجی عەبدولرەحمانی حاجی محمد رەسوولی قەڵادزەیی** کە ناسراوە بە میرزا عەبدولرەحمانی سەعاتچی، ئەم دەستخەتە کە کراوەتە بناغەی مەتنی ئەم کتێبە، لە ساڵی 1374 ی کۆچی نووسراوەتەوە و لە ساڵی 1974 عەبدولرەقیب یوسف لە خاوەنەکەی کڕیوە و لە ساڵی 2007 فۆتۆکۆپی کردووە. ئێمەش لە بنکەی ژینمان وەرگرت. ئەم دەستخەتە نیشانەی (ق) ی بۆ داندراوە و بەم دەربڕینە دەست پێدەکات:

هذا كتاب اهناس بهناس وفتح او در خلافت حضرت عمر رضى الله عنه.. امين

اول بنام تو ربنا/ لايقته حمد و ثناء

کۆتاییەکەشی بەم دەربڕینانە هێناوە:

یاڕەب لە کاتبیش خۆش بی/ بۆ خاطری سەییدی انوارت/ سەلات و سەلام بێ حەد بن/ لەسەر محمد هەم ئال و ئەصحاب/ خودا ئەو کەسە بکا عالی مەراتب/ کە بخوینی فاتیحە بۆ رووحی کاتب/ غەریقی رەحمەتی یەزدان کەسی بی/ بکا دوعای خێر بۆ یار و ئەسحاب.

2–دەستنووسێکی تر کە **عەبدولرەقیب یوسف** ناوی (کوپەقڕان)ی لێ ناوە و لەلای شێخ هادی گردەشینی دەست خستووە و 88 لاپەڕەیە و وا مەزەندەی دەکا کە هی نووسەر بێ، ئەگەرچی چەند لاپەڕەیەکی لە دەستنووسەکانی تر کەمترە و ناتەواوە، بەڵام بۆ بەراوردکردن هەندێ جار سوودمان لێ بینیوە، بەتایبەت ئەگەر لە دەربڕینێکدا حاڵی نەبووبین پەنامان بۆ بردووە، بێ ئەوەی هیچ

نیشانەیەکی لە بەراوردکردنەکە بۆ دابنێین، چونکە وەك دەقەکانی تر تێر و تەواو نییە.

3–دەستنووسی نەوەکانی مەلا سەعیدی هیرانییە و بە دەستی ئەوان لە ساڵی 1362نووسراوەتەوە و 98 لاپەڕەیە و لەلای عەبدولرەقیب یوسف پارێزراوە، ئەمەش چەند لاپەڕەیەکی نەماوە. بۆیە هەر تەنیا وەك پشتیوانییەك بۆ تێگەیشتن بەکارمان هێناوە، بێ ئەوەی نیشانەیەکی بۆ دابنێین و لە بەراوردکردن بەکاری بهێنین.

4–دەستنووسێك کە لەلای خوالێخۆشبوو **مامۆستا مەلا عەلی گردەچاڵی** لە ساڵی 2011 دەستم کەوت و 28 لاپەڕەیە و لەبەرئەوەی دەقەکەی هێندە جیاوازییەکەی زۆر بوو، کەڵکی بەراوردکردنی نەبوو، تەنانەت فەتحی ئەهناسی باس نەکردووە و ڕاستەوخۆ هاتۆتە سەر بەهنەسا، بەهنەساکەش لە دەقەکانی دیکەدا تەواو جیاوازە و هەروەك لە کۆتاییەکەی دا نووسراوە: ئەو کتابەم تەمام کرد لە ڕۆژی شەمو لە وەقتی عەصر لە ساڵی 1352. سەرەتاکەشی بەم شێوەیە دەست پێدەکات کە هیچ نزیکییەکی لەگەڵ دەقەکانی تردا نییە و بۆیەشە لە چوارچێوەی بەراوردکردنەکەدا سوودمان لێ نەبینی:

بسم الله الرحمن الرجیم/ هذا غذوات فتح الشام/ ئەو بەحسە با کۆتا بێ/ ڕەزای خودایان لەسەر/بکەین بەحسی عامری/ خالید ناردی بە تەتەر/ گەییە ئەباعوبەیدە/ کاغەزی دا ئەو سەروەر/ عەزل نامەی خوێندەوە/ هەر لە ئەووەل تا ئەخیر...

لە کۆتاییشدا نووسیویەتی:

ئەمیر لەخۆ نەبۆوە/ عەسکەری ڕۆم هاتە پێش/ دیان و عەرەب دەگەڵدا

بێ ئەوەی ڕستەکە تەواو بێ، نووسیویەتی تمت شد.

5-دەستنووسی **مەلا مستەفای مەلا سلێمان گەردی**، کە لەلای مەلا خالیدی کوڕی لە گوندی گەویلان ی سەر بە قەزای ئاکرێ دەستمان کەوت، لە بەراوردکردنەکە نیشانەی (م) مان بۆ داناوە و سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

6-دەستنووسێك کە لە لای (**عەبدوڵڵا ئیبراهیم سکتانی**) پەیدامان کرد و لە بنەڕەتدا هەر وەك لە دەستنووسەکەدا هێمای بۆ کراوە لە گوندی زێوەی خۆشناوەتی لە ساڵی 1356ی کۆچی نووسراوە. ئێمە نیشانەی (غ) مان لەو بەراوردکردنە بۆ داناوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەم دەستخەتە سەرەتاکەی وەك دەستنووسەکانی تر نییە و بەڵکو دوای ڕۆیشتنی بەشێك لە داستانەکەدا، ئەنجا دەست پێدەکات، واتە لە پارچەی (جوڵەی لەشکری ئیسلامی و گەیشتنی هەواڵەکە بە بەتریقی حاکمی شار)ەوە دەست پێدەکات، کە دەڵێ:

**ئەو عەسکەری وا نازەنین**

**کوڕی قۆچاغ لاوی شیرین**

بەڵام وەك نوسخەکانی تر و نوسخەی سەرەکیی کۆتایی پێ دێنێت.

## شێوازی کارکردنمان لە بەهنەسادا:

**ساغکردنەوە:**

لەبەرئەوەی سروشتی ئامادەکردن و ساغکردنەوەی دەستنووسەکان وایە، هەڵبژاردنی دەقێك وەك دەقی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر چەند دەستنووسێك لەبەردەست بن، لەم کتێبەشدا ئێمە ڕووبەڕووی هەمان ئاستەنگ بووینەوە، بۆیە دوای قوڵبوونەوەمان لە تەواوی ئەو دەقانەی لەبەردەستمان بوون، لەنێو ئەو سێ دەستنووسانەی کە بەڕێز (عەبدولرەقیب یوسف) پێشکەشی (بنکەی ژین)ی کردبوون و هەروەها لەو سێ دەستخەتەیشی کە لەبەردەستی ئێمە دابوون، دەستخەتی (حاجی عەبدولرەحمانی سەعاتچی) تەواوترینیان و کەمترین کێماسی هەبوو، لەو سۆنگەیەی هەندێ لە دەستخەتەکان لە ناوەڕاست دەستیان پێ کردووە، واتە ڕاستەوخۆ هاتوونەتە سەر (بەهنەسا) و باسی فەتحی (ئەهناس) یان نەکردووە. جا هەڵبژاردنی دەقی سەرەکیی کەوتۆتە بەر نەشتەری ساغکردنەوە و لە شوێنێکدا کە سەروا یان کێشی بەیتەکان ناتەواو بووبن، پەنامان بۆ دەقی تر بردووە و ڕاستمان کردۆتەوە، ئەگەر چی زۆرجارانیش بۆ ئەوەی بەراوردەکە ڕوونتر بێ، بۆ خوێنەرمان جێهێشتووە تا لە ئەنجامی ڕامانی بۆ دەقی تر کە ئێمە لە پەراوێزدا ئاماژەمان بۆ کردووە، لایەنی ڕاست و دروستی بەیتەکەی بۆ دەردەکەوێت. ئەمە وێڕای ئەوەی بە ڕێنووسی ئێستای نووسین، دەقەکەمان نووسیوەتەوە.

**لێکۆڵینەوە:**

هەرچی لێکۆڵینەوەیە کە لە چوارچێوەی پێشەکییدا جێگامان بۆ کردۆتەوە، تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێك لەوانە باسکردنی

بەهنەسا وەك شار و پیرۆزیی بەهنەسا و سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی و ئەدەبیاتی غەزەوات و شەڕ و شۆڕ و دەستخەتە عەرەبییەکان و چاپە عەرەبییەکانی بەهنەسا و چەند لایەنێك لە داستانەکە و ڕۆڵی ژن تێیدا و سیما جیاکەرەوەکانی هەردوو سوپای مسوڵمان و کافرەکان لەناو داستانەکەدا و ئەوجار چی لەبارەی بەهنەساوە لە ئەدەبی کوردیدا نووسراوە و دانەری بەهنەسا کێیە و چنینی ڕەوانبێژییانە لە ناو دەقەکەدا و هەروەها کێشی داستانەکە و سەروا و جۆرەکانی لەناو چنینی دەقەکەدا بە وردی لێیان کۆڵدراوەتەوە و پاشان بەرنامەی کاری ئەم کتێبەش خراوەتە ڕوو کە خۆی لە چەند بڕگەیەکی وەك ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراورد و فەرهەنگۆگ و پەراوێز و پاشکۆ دەبینێتەوە.

**بەراورد:**

لەم کتێبەدا وێڕای ئەوەی دەستخەتێکی دیاریکراو کراوەتە بنەما، لەگەڵ ئەوەشدا دەستنووسەکە سەرەکییەکە لەگەڵ سێ دەستنووسی تر بەراوردکراوە و لە پەراوێزدا ئاماژە بە

جیاوازییەکانیان کراوە. دەستخەتی دیکەش هەبوون، لێ بۆ ئەوەی درێژدادڕ نەبێ، بە باش زانرا بەراوردەکە لەم چەند دەستنووسانە پتر تێنەپەڕێ.

**پەراوێز:**

لە پەراوێزدا وێڕای جێکردنەوەی لایەنی بەراوردەکە، لە هەمان کاتدا لە هەر شوێنێك پێویست بە ڕوونکردنەوەیەك بووبێ، لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەکە نووسراوە.

**فەرهەنگۆك:**

لەم بەشەدا کە کەوتۆتە بەشی دواوەی کتێبەکە و لە دوای مەتنی داستانەکە دێت، هەموو ئەو وشە عەرەبی و تورکی و فارسییانەی کە تێگەیشتنیان بۆ خوێنەر ئاسان نییە، ماناکانیان لێدراوەتەوە، تەنانەت ئەو وشە کوردییانەش کە نەوەی ئێستا لێیان حاڵی نابێت، ماناکانیان بۆ نووسراوە. لەمەشدا پشت بە فەرهەنگی کوردی و زمانانی تر بەستراوە.

**پاشکۆ:**

پاشکۆ کە دوا بەشی ئەم کتێبەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان هەموو ئەو ئایەتانەی کە لە دەقەکەدا هاتوون یان ئاماژەیان پێ دراوە، لەم بەشەدا ئایەتەکە بە تەواوی و ژمارەی ئایەت و ناوی سوورەتەکەی بۆ نووسراوە. بەشی دووەمیش تایبەتە

بە ناوی کەسایەتییەکان، کە تێیدا ژیاننامەی هەموو ئەو کەسانە نووسراوە کە لە دەقەکەدا ناویان هاتووە و ژیاننامەیان دەست کەوتووە، بۆ ئەمەش پشت بە کتێبەکانی مێژوو و ژیانی هاوەڵانی پێغەمبەر و ویکیپیدیای ئینتەرنێتەوە بەستراوە. هەرچی بەشی سێیەمی پاشکۆیشە تەرخان کراوە بۆ وێنەی لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی هەموو ئەو دەستخەتانەی کە لەم کتێبەدا کاریان لەسەر کراوە.

هیوادارین بەم کارەمان بەردێکی دیکەمان خستبێتە سەر دیواری داستانەشیعری کوردی و بناغەیەك بێت بۆ نووسینی توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر ئەم داستانانە، کە تا ئێستا نەك توێژینەوەیان لەسەرنەکراوە، بەڵکو دەقەکەشیان ساغنەکراوەتەوە.

**هێمن عومەر خۆشناو**

**بینگۆل/ باکووری کوردستان**

**2016/8/12**

## دەقی بەهنەسا

**بسم الله الرحمن الرحيم**

[1]ئەووەل بەنامی تۆ ڕەببەنا[2]
لایقتـــە حەمـــد و سەنا[3]

کار و بـــازاڕت دانــا
کە عالەمت کرد بینا

دوو مەنزڵت ڕوودەنــا
یەك ئاخیرەت یەك دنیا

ئیرادەت وا قــەرار دا
دونیا بۆ دارولفـــەنا

ئاخیرەت بووە دارولبەقا
چی تاڵیب بێ بە عوقبا

جەزای جەننەت و لیقا
چی تاڵیب بی بە دونیا[4]
جەزای ئـــاگر و جەفا[5]

---

1– وشەی یافتاح، جاران لە سیپارە خوێندنیش دەخوێنرا، سەرەتای سیپارە بەمە دەستی پێدەکرد: یا فەتتاح فەتحم بدەی یا ڕەززاق ڕزقم بدەی، یا ئەڵڵاْ تۆفیقم بدەی.

2– لە (م): ئەم دوو لەتە پاش و پێش کراون

3– سەنا/ الثنا: ستایش

4– لە (م): چی مائیل بی بە دونیا

5– لە (م): جەزای ئاگرو جەزا

## سەرچاوەکان:

**بە زمانی کوردی:**

**-کتێب:**


مێژووی زانایانی کورد، مەلا تاهیری بەحرکەیی، کۆڕبەندی مزری ئیسلامی، چاپخانەی ئاراس، 2010.


**گۆڤار:**


دەستنووسی بەهنەسا، عەبدولرەقیب یوسف، گۆڤاری کاروان، ژمارە 15، 1982

بەهنەسا، تارق جامباز، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە 34


**فەرهەنگ:**


-فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی سالم کوردی)، د.محمد نوری عارف، ئاراس،چاپی دووەم.2009.

–فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کردی–فارسی)، عبدالرحمن شرفکندی هەژار، سروش، تهران 1384.

–فەرهەنگی دەریا، رزگار کەریم، نەشری ئیحسان، چ2، 2010.

–فەرهەنگی هەژیر، وەرگێڕان و ئامادەکردنی هەژیر عبداللە پوور، دەزگای موکریانی، هەولێر2008.

–فرهنگ عمید، حسن عمید، انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، 1360.

–فەرهەنگی شەقڵاوە، مەلا عەلی مامەجەلکەیی، دەستنووس.


**بە زمانی عەرەبی:**


-قصة البهنسا، حكاية عروة، تحقيق: عمرو عبدالعزيز، مصر، 2012

-الاستيعاب في معرفة الاصحاب، القرطبی، المحقق على محمد البجاوی، مجلد الرابع، دار الجيل، بيروت، 1992.


-معرفة الصحابة، ابو نعيم، دار الوطن، الرياض، ط1، 1998

-من اسرار البيان القرانی، د. فاضل صالح السامرائی، دار الفكر، اردن، 2009.


-غزوات الرسول بين شعراء الشعوب الاسلامية، **الدكتور حسين مجيب المصری**، الدار الثقافية للنشر، **سايتی** (www.kotobarabıa.com)


**فەرهەنگ:**


-لسان العرب، محمد بن مكرم بن على الانصاری، دار صادر ، بيروت، 1414هـ.




**وێنەی لاپەڕەی یەکەمی دەستنووسی مەلا مستەفا گەردی**



**وێنەی لاپەڕەیەکی ناو بەهنەسا نوسخەی مەلا مستەفای گەردی**



**وێنەی لاپەڕەی کۆتایی نوسخەی مەلا مستەفای گەردی**




هذا کتاب اهناس و بهناس و فتح او در خلافت حضرت عمر
رضی الله عنه آمین

بسم الله | الرحمن الرحیم

اوّل بنام تو ربنا | لائقه حمد و ثنا
کارو بازارت دانا | کە عالمت کرد بینا
دو منزلت رو دە نا | یک آخرت یک دنیا
ارادت و اقرار را | دنیا بو دار و الفنا
آخرت بو دار و البقا | چی طالب لە بە عقبا
جزای جنت لقا | چی طالب لە بە دنیا
جزای آگر و جفا | هرگاه خدای کرد کرم
خلقی دە کرد باب آدم | حوای لی کردە همدم
گردیه خیزانو حرم | جنت زور اگر کم
حوریو غلمان خدم | اکل شراب و نعم
لی حلال کردن اودم | غیرز داری نا و گنم
نهی لی کرد ربّ عالم | لی نخون دە بنە ظالم

خدا بو خویتی


نوسخەی ئەهناس و بەهناسی عەبدولرەقیب یوسف کە بە دەستخەتی عەبدولرەحمان قەڵادزەیی نووسراوەتەوە.





وێنەی لاپەڕەی یەکەمی نوسخەی (مەلاعەلی گردەچاڵی)



وێنەی لاپەڕەی کۆتایی نوسخەی (مەلا عەلی گردەچاڵی)



نوسخەی کوپەقڕانی عەبدولرەقیب یوسف، چونکە پچڕ پچڕ و ناتەواوبوو، تەنیا بۆ دڵنیابوون لە خوێندنەوەی هەندێ پەیڤ سوودی لێ وەرگیراوە.



**وێنەی لاپەڕەی کۆتایی نوسخەی عبداللە ئیبراهیم سکتانی کە سەید محەمەد لە زێوە نووسیویەتیەوە، ئێمە لەم کتێبەدا نیشانەی (غ) مان بۆ داناوە**

# پێڕست

پێشکەش......................................... .................5
سوپاس و پێزانین.............................................6
پێشەکی.........................................................7
بەهنەسا.........................................................8
سەردەمی فەتحی ئیسلامی...................................10
دەستخەتە عەرەبییەکانی بەهنەسا.............................15
چاپە عەرەبییەکانی بەهنەسا...................................16
پیرۆزیی بەهنەسا...............................................16
چەند لایەنێك لە داستانی بەهنەسا.............................19
داستانی بەهنەسا و ئەدەبی شەڕ و شۆڕ......................21
سیما جیاکەرەوەکانی هەردوو سوپا............................23
ژن و ڕۆڵی لەناو داستانەکەدا...................................23
چی لەبارەی بەهنەساوە نووسراوە؟.............................24
دانەری بەهنەسا کێیە؟...........................................25
ناوی دەستخەتەکە..............................................26
چنینی ڕەوانبێژییانە لەناو دەقی بەهنەسادا......................29
کێشی بەهنەسا.................................................30
سەروای دەقی بەهنەسا.........................................32
ئەو دەستخەتانەی لەم لێکۆڵینەوە سوودیان لێ وەرگیراوە...........34
شێوازی کارکردنمان لە بەهنەسادا...............................37
دەقی بەهنەسا..................................................41

فەرهەنگۆگ......................................................532
پاشکۆ..........................................................573
ناوی کەسایەتییەکان.............................................573
ئایەتەکان......................................................595
سەرچاوەکان.....................................................596
وێنەی دەستخەتەکان..............................................597

**نووسەری ئەم کتێبە هەر لە بارەی ئەم داستانانەوە، ئەم دوو کتێبەشی چاپ کردووە:**

سیسەبان، هەولێر 2012

رەئسولغۆل، دیاربەکر 2017

**بۆ لەمەودواش:**

**–فەتحی شام**

هەر گاه خودای کرد کەرەم[1]
خەلقی دەکرد باب ئادەم[2]
حەوای لێ کردە هەمدەم
کردیە خێزان و حەڕەم
جەننەت زۆر و ئەگەر کەم[3]
حۆری و غیلمان و خیدەم
ئەکل و شەڕاب و نیعەم
لێی حەلال کردن ئەو دەم
غەیرەز داری ناو گەنم[4]
نەهی لێ کرد[5] ڕەببی عالم
لێی مەخۆن[6] دەبنە زاڵم
خودا بۆ خۆیتـــی عالم[7]

لە لەوحی کردبوو ڕەقەم
وشك ببودە[8] قەلـــەم

---

1- لە (م): هەر کە خودای کرد کەڕەم
2- لە (م): خەلقی کرد بابە ئادەم
3- لە (م): بەهەشت زۆرو ئەگەر کەم
4- لە (م): غەیرەز داری نێوگەنم
5- لە (م): نەهی کرد
6- لە (م): لێ نەخۆن
7- لە (م): خودا بە خۆیتی عالم
8- لە (م): وشك ببۆوە